**فیراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیرقی**
**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

## بانگەوازێك بۆ پەنابەرانی كورد

# بەرامبەر هەرەشەی سیاسەتی وولاتە ئەوروپی كان دەرهەق بە پەنابەرانی كورد یەكگرتوانە رابوەستن

**پەنابەران ،ئازادیخوازان وئینسان دۆستان لەسەرتاسەری ئەوروپا**

هەروەك ئاگادارن ماوەیەكە زۆر بەی وولاتە ئەوروپی یەكان لەوانە حكومەتی ( فنلندا،سوید،نەرویج،ئەلەمانیا ،بەریتانیا ...) كەوتوونەتە هێرشێكی هەمەلایەن ودەركردنی بریار بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی كوردی عیراقی بۆ كوردستان بە بەهانای ئەوەی كوردستان ناوچەیەكی (ئارام)ە ،ئەمەیان كردۆتە بەهانەیەك تا دەرگا بەرووی پەنابەران دابخەن وسیاسەتی دژی پەنابەری خۆیان لەپێناو قازانج و سودی باڵی راستی حكومەتەكانیان بەرنە پێشەوە وشان خالی بكەن لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە خەتەر ناكەی رووبەرووی خەڵكی عیراق كراوەتەوە.

ئەم سیاسەتەیان جگە لەوەی هەنگاوێكی نا ئینسانی یە وپێچەوانەیە بەهەموو یاساكانی نیوە دەولەتی لەبارەی مافی پەنابەری یەوە كە خۆیان ئیمزایان لیداوە پشتكردنە لەهەموو بەها ئینسانی یەكان وریز گرتن لەمافی ژیان ومافی نیشتەجی بوون بۆ خەڵكێك كە لەگەل جەنگ وبێ مافی وستەم وتیرۆر و تەقاندنەوەو پێشیلی ئازادی وخۆین ریژی بەروورووكراوەتەوە.

ئەوەتا بە نائینسانی ترین شێوە كەوتوونەتە گیانی پەنابەران لە(راگرتنی كەیسەكانیان لە بێ وەلامی،رەتكردنەوەی كەیسەكانی پەنابەران ،تازەنەكردنەوەی ئیقامەت،چاوخشانەوە بەكەیسەكانی پەنابەران كە سالانێكی زۆرە ژیانیان لەو وولاتانە دەبەنەسەر،برینی بیمەی سوسیال و خزمەتگوزاریەكۆمەلایەتی یەكان ،راگرتنی پەنابەران لەكەمپەكان ،لیسندنەوەی شۆینی حەوانەوەو تا نەدانی مافی كاركردن و لیسندنەوەی كلاسی خوێندنی زمان ودانی ڤاوچەر..)كە ئەمانە لایەنە تالەكانی ژیانی پەنابەرانن و سەدان پەنابەری كوردی خستۆتە ژێر هەرەشەی خۆیەوە ،راوەستانەوە بەرووی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی ولابردنی ئەم زەختو زۆرە لەسەر پەنابەران پێویستی بە خەباتێكی سەرتاسەری و هەمەلایەنەیە تا ئەم دەستدریژی و پەلامارە لەبەرامبەر پەنابەران رابگرێ.

ئەم هەنگاوەی وولاتە ئەوروپی كان لەپێناو ناچاركردنی پەنابەرانە بەمل دان بەگەرانەوە و تەسلیم بوون بە بارودۆخێكی ناهەموارە كەلەعیراقدا بەرێوە دەچێت ، دریژەی هەمان سیاسەت و نەخشەی جەنگو كاولكاری ئەمریكاو هاوپەیمانەكانە، ئەم دەولەتە ئەوروپی یانە تا دۆینێ لەپشتی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریكاو راوەستان، وهەلومەجێكی نالەباری ئینسانیان داسەپاند بەسەر خەڵكی عیراق دا ناچاریانكردوون ژیانی پەنابەری هەڵبژێرن لەدەرەوەش فشاریان بۆ دەهێنن بۆ هەڵبژاردنی گەرانەوە ، لەكاتێكدا كە 22ملیون لە خەڵكی عیراق لە سەرگەردانیو بێ دەولەتیو بێ نەزمی و قانوونیدا ژیان بەسەر دەبەن بەپێ ئاماری رەسمی خۆیان زیاتر لە 4 ملیون لە خەڵكی عیراق ئاوەرە بووە، كوردستانیش بێ بەری نیەیە لەو هەلومەرجە دژوارەی سەرتاپای عیراقی داگرتووە، 16 سالە بەدیار سیاسەتەكانی ئەمریكاوە راگیراوە، ئەحزابی دەسەلاتدار لە هەڵپەی شەریك بوون لە دەسەلاتی مەركەزیو قازانج و بەرژەوەندی خۆیان چارەنووسی خەڵكی كوردستان یان راكیشاوەتە نیو گەمەو شەری هیزە قەومی ئیسلامیەكان و ئەجندی شكستخواردی ئەمریكاو و هاوپەیمانەكانیەوە.

زیاتر لەمانە ئەحزابی دەسەلاتدار لەدەرەوەش دەست لەیەخەی پەنابەران ناكەنەوە وخەریكی زەمینە خۆشكردنو كارسازی بۆ ناردنەوەی پەنابەرانن لەگەل ئەم وولاتە ئەوروپی یانەدا هەروەك ئاشكرا بوو ە رێكەوتنی نیهینی و ژێر بەژێرن بەژیان و ئایندەی پەنابەرانی كوردە دەكەن بۆ سوودو سەرمایەگوزاری زیاترو بردنی سەروەت سامانی زیاتر،ریگەیان دا حكومەتی بەریتانیا 87 پەنابەری كورد بەكەلەپچەو ئیهانەت و سوكایەتی بە فرۆكەی سەربازی رەوانەی كوردستان بكرێتەوە بەم كردارەشیان سەلماندیان دژایەتی لەگەل سەرەتاترین مافەكانی خەڵكی كوردستان دەكەن نایانەوێت دان بەوراستی یەدا بنێن كە خەڵكێكی زۆر بەلێشاو نارازی بەدەسەلاتەكەی ئەوان كوردستان جێ دەهێڵیت ،ئازیزان و خۆشەویستانی خۆیان جێدەهێڵن دەیان ریگای خەتەرناك دەبرن تا بگەنە كۆمەڵگایەكی ئارام لەو ریگەیەدا چەندین پەنابەری كورد گیانیان لەدەست داوە وەیان خنكاونوە یان كەوتوونەتە دەست باندی مافیاو وەیان زیندان وبێ سەوشۆین كراون.

بەریزان

پێویستە لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە بەتەواوی تواناوە رابوەستینەوە ،هیزی یەكگرتوو رێكخراوەی خۆمانی بۆ بهێنینە مەیدان ، داخوازی و شیعاری هاوبەش ئاراستە بكەین ،ناوەندی شارەكانی ئەوروپا بكەینە مەیدانی بەرێخستنی خۆپیشاندان و سازدانی پێكیتی تەبلیغاتی ،نۆینەرانی پەنابەران لەهەر شارو كەمپ و ناوەندێك ساز

بدەین ،تۆمار کۆبکەینەوە لەدەوری ریکخراوی خۆتان کۆبنەوە ،لەژێر دروشمی( نا بۆ گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد،مافی پەنابەری، مافی نیشتەجێ بوون بۆ پەنابەرانی کورد ..)، ئەمرۆژانە گرنگە هەنگاوەکانمان سەرتاسەری بکەینەوە تواناو پتانسیلیکی گەورەی پەنابەری هەیە لەدەرەوە ،من دڵنیام لە بەرێخستنی ئەم خەبات و نارەزایەتیانە تەنها نیین جوولانەوەی ئازادی خواز و ئینسان دۆستی ئەوروپا و رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کریکاری وئەحزابی چەپ و سوسیالیستەکان لەپال ئێمەو خواستە ئینسانێکانمان راوەستاوون و لەگەڵ نارەزایەتی شارستانیانەی ئێمەدان دژ بە دیپۆرت.

ماوە بڵێم دەرگا بەرووی ئەم خەباتەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری بەرێ خستووە کراوەیە، تەواوی رێکخراو و مەلبەندە کوردی و عیراقیەکانو لایەنەکان بەم کەمپینە نارەزایەتی یەی لەپێناو داکۆکی لە خواستە بەرهەقەکانی پەنابەرانی کورد لە وولاتەکانی سویدو فنلندا ونەرویج و ئەلەمانیاو بەریتانیا دەستیپێکردوە پەیوەست بن، سەنگەرەکانی پەنابەران بەهیز بکەن، یەك ریزو یەك پارچە بۆ کاری هاوبەش لە بەرامبەر ئەم پەلامارەی وولاتە ئەوروپیەکان بۆ سەر پەنابەرانی کورد رابوەستن.

**دەشتی جەمال**

**بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2007-4-18**

**d.jamal@ntlworld.com**

---

**PO.BOX1575 ,ILFORD,IG1 3BZ, LONDON.UK    www.csdiraq.com**

**Tel:0044:07856032991**